کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# شایستەو ناشایستەکانی ناو یەکێتیی

**وەڵامێکی کورت بۆ بەڕێز محمد سیاسی ئەشکەنەیی**

هەرچەندە پلینیۆمی ی ن ك تێپەڕیوە و نووسینەکەی ئەو برادەرەش تەوجیهی پلینیۆم کراوە ، بەڵام نابی ئەوەمان لەبیر بچی کە لە چەند مانگی داهاتوودا کۆنگرەی گشتی یەکێتیی لەپێشە لۆیێ دوور نیە ئەم جۆرە قسە فڕەدانانە دواجار بە قازانجی ئەوانە بکەویتەوە کە نووسەر بە شایستەکانی ناو یەکێتیی ناویان ئەبات و داوامان لێ ئەکات بێ بیرکردنەوەو بە چاوی نوقاوەوە دەنگیان بدەینێ ..!!

من لای خۆمەوە شکم لە دڵسۆزی و لێوەشاوەیی بەشەك لەو کادیرانە نیە کە نووسەر ناوی هیناون ، بەڵام ئایا ئەو برایانە ئەتوانن سەرکردایەتی یەکێتیی بکەن لەو مەرحەلە حەساس و پڕ مەترسیەدا ..؟!

ئەمەیان پرسیارەکی تابڵێی عاسێ یە و بۆ هەر یەکەك لەو بەڕێزانەو کادیرانی تری ناو یەکێتیش دەبی یەکێتیی خۆی هەڵسەنگاندنی وردی هەبیت ، چونکە کادیرێك لەمەوقیعی پێشتری خۆیدا سەرکەوتوو نەبووبی چۆن دەتوانی کارێکی قورس و ئاڵۆزتر وەئەستۆ بگریت، بەشەکی ئەو کادیرانە ئەگەر لەسەر ئەساسی وەلائات نەبی نەك نابنە سەرکردایەتی بڕوابکەن لەو مەوقیعەی ئێستاشیان جێ یان نابیتەوە ..! ئەگەر نوسینەکەی ئەو برایەی ماستاوەکی خەست نەبی با لە خۆی بپرسی کاك ئیسماعیل مەحمود تا ئێستا هیچ پرۆژەو پێشنیارەکی نەك لە سەر ئاستی نەتەوەیی بەڵکو بەس بۆ باڵەکایەتی شەهید کویستانی و رەحمان سەیدەو جەلال حاجی خستیتە پێش پەرلەمان ..؟! چ شتەکی بۆ چۆمان و گەلاڵە و قەسرێ و حاجی ئۆمەران کردیە ؟ ئەی توخوا مەکتەبی پەیوەندیە نیشتیمانیەکانی گەیاندۆتە کیهان ئاست و دەبی لە گەڵ حزبە کوردستانیەکاندا باسی چی کردبیت ؟! من نازانم بەڕێز جێگری سکرتێری گشتی جەنابی کاك کۆسرەت کە هەموومان دەیخەینە سەر چاوی خۆمان بە چ شتەکی ئەو کاك ئیسماعیلەی موعجیبە ، لە وەختەکیدا دەیان خەڵکی ساحیب شەهادەی بەرزو رابردوو خاوێن و شارەزا لە بواری جودا جودا لە مەنتیقەی باڵەکایەتی و حەوزی سۆران هەن و ئامادەن بۆ مەصلەحەتی یەکێتیی هەموو ژیانی خۆیان تەرخان بکەن ؟!

مامۆستا عەزیز سەرسپی تا بڵێی پیاوەکی تێکۆشەرە بەڵام بە قەناعەتی من لە دەڤەری پشدەرو بیتوێندا کادیری تر هەن کە لەوی لە پێشترن بۆ سەرکردایەتی پێشنیار بکرێن .. کاك عەبدوڵڵای حاجی سەعیدیش ئەم ئیشەی ئێستای زۆر لێ زیادەو خوا قەبووڵ ناکات لەوە زیاتر باری قورس بکرێ ..!!!

نزانم برای نووسەر بە کیها پێوەر و بە کام سیفەت داوامان لێ ئەکات لە ناو ئەو هەموو کادیرەی یەکێتیدا دەنگ بەو بەڕێزانە بدەین ، ئایا هەموو ئەو هەڤاڵانە دەناسێت کە ناوی هیناون و هەڵیسەنگاندون ؟!

رەنگە وەختی ئەوە نەبیت یان پێویست نەبیت لەسەر هەریەك لەو زاتانە قسە بکەین ، بەڵام ئەمن بە عەکسی برای نووسەر هەندێك لەو بەڕێزانە بە شایستەی سەرکردایەتی ی ن ك نازانم ، چونکە پێم وایە ئەرکی سەرکردایەتی هێزەکی وەکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان بە ( عەبدوڵڵای حاجی سەعید و

ئیسماعیلی مەحموداغا و مامۆستا عەزیز سەرسپی ) ناکرێ و پێچەوانەی تێگەیشتنی نووسەریش هیچ یەك لەو برایانە مەسوولی مەڵبەند نین ، دیارە بە هیچ نەوعەك ئەوە لە هەیبەت و قورسایی ئەو زاتانە کم ناکاتەوە ، چونکە تەنیا ئەندامانی سەرکردایەتی نین کە دەوریان لە گەشەکردن و پێشکەوتنی وڵاتدا هەیە و دەکرێ هەر یەك لەو برایانە لە ئاستێکی دیکەی مەسئولیەتدا ئیش بکەن و وەك مام جەلالیش ئەڵێ : یەکێتیی کەسی لێ زیاد نیە !

لە نویسینەکەیدا کاك محمد تووشی ئیزدواجیەت بووە چونکە سەرەتا بە تێگەیشتنی خۆی هەشت ناوی وەك شایستەکانی ناو یەکێتیی ریز کردیە کە پێکهاتین لە ( د . خەسرەوی مام قادر ، بەرزانی ئەحمەد کوردە ، رەهبەری سەید برایم ، م . عەزیز سەرسپی ، شلێر غەفوور ، عەبدوڵڵای حاجی سەعید و ئیسماعیل مەحمود گەلاڵی ) بێ ئەوەی بۆ خوێنەری روون بکاتەوە کە ئەو زاتانە هەر یەکەیان لە چ بوارەکیدا شارەزایەو تا چەند بە یەکێتیەوە ماندی بووینە و دەتوانن لە ئایندەدا چ بۆ یەکێتیی بکەن ..؟ ئەوی سەیرە لە شوێنەکی دیکەدا نووسەر دەڵێ : کاتێك کە دەڵێم شایستەکانی یەکێتیی بریتین لە : د . خەسرەو مام قادر و بەرزان ئەحمەد کوردە و رەهبەری سەید برایم و مەحمود سەنگاوی و شێخ عەلی ، پێویستە خاوەن ویژدان و دەنگەکان دەنگیان بدەنێ ...... هتد ، دیارە ئەم مەقتەعە تەواو ناکۆکە لە گەڵ مەقتەعەکەی تر چونکە لێرەدا لە هەر یەك لە بەرێزان ( مامۆستا عەزیز و شلێر خان و عەبدوڵڵای حاجی سەعید و ئیسماعیل مەحمود ) پەشێمان بوویتەوەو لە ریزی شایستەکانی ناو یەکێتیی دەریهێناون و لە شوێنی ئەواندا هەر یەك لە مەحمود سەنگاوی و شێخ عەلی داناوە ...!!!! کە بە راستی کارەکی باشی کردوە ، هەرچەندە ئەوە ماعنای ئەوە نیە کە یەکێتیی کادیری لەو بەرێزانە لێوەشاوەترو چاکتری نیە !!داوای لێبوردن لە خوێنەرانی کوردستان پۆست دەکەم ئەگەر زمانی نووسینەکەم رووی مەجلیسی نووسەرانی نەبیت چونکە بەڕاستی نووسەر نیم ، بەلام هەست دەکەم ئەو برا بەرێزە نەك ئەو نووسینەی بەڵکوو زۆربەی نووسینەکانی دیکەشی لە ماستاو تێ ناپەڕن و هەربۆیەش ئەم چەند کەلیمەیەم بە پێویست زانی ...

**جەلیل عبدالرحمان / هەولێر**

Abdulrahman_1947@yahoo.no

٢٠٠٧/١/٢٢